# شێوازی "هەرێمەکان" بۆکۆماری باشووری کوردستانی فیدرال

**هشام ئاکرەیی**
karzan@spray.se

لەم کاتەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دوو لاوە باس لە پاشەڕۆژی باشووری کوردستان دەکرێت. یەک شێوەی پەیوەندی داهاتووی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق، و دووەم شێوەی بەڕێوەبردنی خودی ناوەوەی باشووری کوردستان، یان کو ڕژێمی بەرێوەبردنی سیاسی هەرێمی باشووری کوردستان. دەربارەی خاڵی یەکەم بەرەوپێشچوونێکی ئاشکرا بەدی دەکرێت و زۆربەی پارت و رێکخراوە کوردی و کوردستانیەکان، کۆکن لەسەر ئەوەی باشترین شێوەی گونجاو و مومکن لەم قۆناغەدا شێوازی فێدرالی سیاسی جوگرافی یە. بەو واتایە کوردستانی فێدڕال سنووری جوگرافی خۆی دەبێت کە هەموو هەرێمە کوردنشینەکان دەگرتەوە، یان کورد زۆرینەیە یان زۆرینەبوو لەو ناوچانەدا لە ڕۆی مێژوویی یەوە یان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا.

کۆک بوونی کورد و یەکبوونیان دەربارەی فێدرالیەت بۆ باشووری کوردستان واتای ئەوە نادات کە لایەنی بەرامبەر و دەسەڵات بەدەستانی جیهان، بە شێوەیەکی ئۆتووماتیکی ڕازین لە سەر داواکاریەکانی گەلی کوردستان. <u>هەربۆیەش بە پێوستی دەزانم ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەمە بەردەستی جەماوەری خەڵکی کوردستان و پارتە کوردستانیەکان:</u>

» لە دستووری داهاتووی عێراق و باشووری کوردستاندا دەبێ خاڵێک هەبێت دەربارەی کورد وەکوو گەل و نەتەوە کە لە سەر خاکێک دەژیت بەناوی کوردستان و مافی چارەی خونووسینی هەیە وەک هەموو گەلانی تری دوونیا.

» ئەو شێوە فێدرالیەی گەلی کوردستان داوای دەکات، لە سەر بنەمایەکی چوگرافی یە و لەبەر ئەوەی کورد زۆرینەیە لە ناوچەدا، دەبێت ئەو ناوچانە بکەونە ناو سنووری کۆماری باشووری کوردستانی فێدرالدا، نەک لەبەر هەر هۆیەکی تر.

» بەدەستەوە هێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بەهیچ شێوەیەک واتای ئەوە نیە و نابێت مافەکانی گەلانی تری ناوچەکە تێکبدرێن. بە پێچەوانەوەوەش دانی مافی هەرنەتەوەک واتی ئەوە نییە مافەکانی گەلی کوردستان پێشێل بکرێن. لەسەر ئەم بنەمایە کاتێ ئێمە داوای فێدرالیەت دەکەین نابێ لە کوردبوونی کوردستان کەم بکەینەوە یان نەتەوەکانی تر بتوێنینەوە لە ناو کورددا.

» زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان لە سەر بنەمای نەتەوەیی دروستکراون. تەنیا چەند وڵاتێکی دروستکراو نەبن کە ئەوانیش لە قۆناغی نەماندا دەژین وخەریکە پارچەپارچە دەبن و دەگەرێنەوە سەر شێوەی گونجاوی دروستبوون، نەک سەپێنراو. هەربۆیەش دەبێ گەلانی عێراق تێبگەیێنرێن کە کەس ناتوانێ گەلێکی تر بتوێنتەوە.

» ئەگەر ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا بەناوی نەتەوەی عەرەب حوکومڕانییان کردبێت و عێراقیان بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەبیان دانابێ، ئەوە کورد و نەتەوەکانی تر دەبێ ئەو هزرە ڕەد بکەنەوە و پارتە عەرەبی و ئیسلامیەکان هەڵبژێرن لە نێوان عێراقێکی یەکگرتوو، یان بەشێک لە عێراقی عەرەبی و کوردستانیکی سەربەخوو.

» پارتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی ئێستای عێراق هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخوو کورد بتوێننەوە و دووریان خەن لە مافەکانیان بە بیانووی دژایەتی کردنی تایفەگەری و نەتەوەپەرسنی و دابەشکردنی عێراق لە سەر بنەمای ئێتنیکی و ئاینی. من دەڵێم دابەشنەکردنی عێراق لەسەر ئەو بنەمایانە بەردەوامبوونی عێڕاقی کۆنە و پێشێلکردنێکە بۆ مافی هەموو نەتەوەکانی تر، تەنیا عەرەب نەبێ. هەر کاتێک دستوورێکی ناعەرەبی لە عێراق پەسەندکرا، ئەو کاتە هەمووومان لە سەر بنەما مرۆڤیەکان مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەین. یەکەمین داواکاریش نەعەرەب بوونی عێراقە.

» لە بەر چەندین هۆ، جیاوازیەکی گەورە دروست بووە لە نێوان فیکری سیاسی عەرەبی و کوردی و ئەو سیستمە سیاسییەی کورد پەسەندی دەکەن لەوانەیە عەرەب ڕەدی بکەنەوە. نەکورد بۆی هەیە شێوەیەکی بەڕێوەبردن لەسەر نەتەوەکانی تری عێراق فەرزبکات وبە پێچەوانەوە. هەر بۆیەش دەبێ لە دستووری عێراقی داهاتوودا ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت، ئەویش بەدارشتنی دستوورێکی دادوەرانە تیایدا ماف نەدرێتە حکومەتی مەرکەزی

یاساکانی کۆماری باشووری کوردستانی فیدراڵ بگوریت و دادگای بەرزی دەولەتی کوردستان لە کوردستان بێت نەک لە بەغدا. ئەو وڵاتانەی پێکهاتەیان لە یەک نەتەوە پێک دێ دادگای بەرزی دەوڵەت لە پایتەخت دەبێ.

» زمانی رەسمی کۆماری باشووری کوردستانی فیدراڵ کوردی دەبێت، هەربۆیەش دەبێ هەر لە ئێستاوە لەهەرێمە تەعریبکراوەکان زمانی کوردی بەکاربێت وئاڵای کوردستان لەو هەرێمانە بەرزبکرێتەوە. هەلبەتە نەتەوەکانی تری ناو کوردسنان مافی خۆیانە بە زمانی زکمانی خۆیان بدوێن و یەکسان بن لەگەڵ کورد. بەڵام یەکسان بوون واتای ئەوە نادات نە کورد واز لە کوردبوونی خۆیان بێنن و نە نەتەوکانی تر واز لە نەتەوەیی بوونی خۆیان بێنن.

»ئەگەر هەرێمی کوردستانی عێراق یەکسان بێ لە گەڵ هەرێمی عەرەبستانی عێراق، دەبێ دەوڵەتی داهاتووی عێراق لە یەکگرتنی دوو کۆماری سەربەخوو دروستبکرێت. نەک لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق. ئەگەر ئەمریکا وەک نموونە وەربگرین، دەبێنین لە چەند ولایات پێک دێت و ئەو ولایەتانە بەیەکەوە ولایاتی ئەمریکای یەکگرتوو پێک دێنن. عێرایقش دەبێ لە دوو ولایەت یان دوو هەرێم یان دوو کۆماری سەربەخوو پێک بێت.

» ئەو شێوازە فێدرالیەی زۆربەی پارتە عەرەبیەکان وئیسلامیەکانی عێراق و هەندێ لە کوردیەکانیش باسی دەکەن و ناوی دەبەن، فێدرالی نیە و نزیکترە لە شێوازی شارەوانیەکان و کومۆنەکان کە تەنیا بۆ ئاسانکاری بەرێوەبردن دروستدەکرێن و لە تەوەری دووەمی ئەم بابەتەدا باسی دەکەم. دابەشکردنی عێراق بۆ چەند هەرێمکی فیدراڵ و رازی نەبوون لە سەر دروستبوونی عێراقێکی فێدرالی پێکهاتوو لە دوو کۆماری یەکگرتوو، واتای نەدانی فێدرالیەتە بە کورد و بزرکردنی مافی کوردە لە ناو عێراقی گەورەدا.

» شێوازی هەرێمەکانی فێدرالی بەرێوەبردن و پەیوەندی، باشترین شێوەی ئێستای بەرێوەبردنە، لە جیهاندا بەڵام لە دوای بەدەستەوەهێنانی مافەنەتەوایەتیەکان نەک بەر ئەو قۆناغە.

هەر بۆیەش بۆقۆناغی داهاتووی باشووری کوردستان ئەم شێوازە پێشنیار دەکەم:

ناوی دەوڵەت:" کۆماری باشووری کوردستانی فیدراڵ"

کۆماری باشووری کوردستانی فیدراڵ لە چوار هەرێم پێکدێ ( کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک) و پایتەختەکەی پەرلەمانی کوردستان یان لە دەگدانێکی گشتیدا دەستنیشان دەکرێت. هەر یەکێ لەو هەرێمانە دابەشدەکرێت بۆ چەند شارەوانی. هەر کۆمەڵە شارەوانیەک هەرێمێک پێکدێنن. هەر شارەوانیەک ئەنجومەنی خۆی دەبێت و ئەنجومەنەکان دەستەی بەرێوەبردنی شار دەستنیشان دەکەن. ئەنجومەنەکانی شارەوانیەکان لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا هەڵدەبژێردرێن کە هاوکات دەبێ لە گەڵ هەڵبژادنەکانی پەرلەمانی کۆماری باشووری کوردستان. هەر لایەنێک یان بەرەیەک زۆرینەی دەنگەکان بێنێ کۆمار، هەرێم یان شارەوانی بەرێوە دەبات.

دەسەڵاتی پەرلەمان، هەرێم و شارەوانیەکان دەبێ کۆمەڵێک خەڵکی بسپوور دەستنیشان بکات و بۆ ئەو مەبەستە دەتوانین سوود لە سیستەمی وڵاتانی ئەوروپا وەربگیرێت نەک هی وڵاتە دراوسێیەکان. ئەگەر ئێستا ئەم سیستمە لە باشووری کوردستان پەسەند بکرێت پێویستی بە دوو حوکمەت نامێنێ. چونکە هەرێمی سلێمانی هەر یەکێتی بەرێوەی دەبات لە بەر ئەوەی ئەوان زۆرینەیان هێنا لەو هەرێمە وهەرێمەکانی تریش هەر پارتی بەرێوە دەبات تا وەکوو هەڵبژاردنێکی تر لە باشووری کوردستان بەرێوەدەبرێت.

یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەڵاتی باشووری کوردستان.

به بوچوونی من بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەبێ ئەم بریارانە وەربگیرێن:

» پەرلەمانی کوردستان بە شێوەی ئێستای خۆی ببێ بە دەسەڵاتدار.

» هەردوو پارتی دەسەڵاتدار حکومەتێکی ئیتیلافی نیشتمانی بە بەشداری زۆربەی پارتە کوردستانیەکان پێکبێنن، چونکە وڵات لە باروودوخێکی نائاساییدا دەروات و پێویست بەو جۆرە بەرێوەبردنە دەکات.

» ئەگەر پوستی سەرۆکی حوکمەت جێگای خیلاف بێت، با لایەنێکی تر ئەو ئەرکە وەربگرێت وەک ئەوەی شاری کەرکوک.

» دانی دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ هەرێمەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردنێکی گشتی.

» دانانی هەموو هێزی پێشمەرگە و پولیس لە ژێر دەسەڵاتی حوکمەتی کوردستان.

ئەوانە تەنیا هەندێ خاڵی سەرەتایین بە مەبەستی وروژاندنی بابەتی دەسەڵات و پاشەڕۆژی یاسایی باشووری کوردستانم خستمە ڕۆی خوێنەران و لایەن و گەلی کوردستانی بەڕێز.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت